

بەکر شوانی:

# پرۆژەم ئەوەیە هەموو کارەکانی ئۆرهان پامۆک بکەمە کوردی

٢-٢

بەکر شوانی یەکێکە لە وەرگێڕەکانی بواری رۆمان، تا ئێستە چەند رۆمانێکی "ئۆرهان پامۆک"ی لە زمانی تورکییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە رۆمانەکانی"بەفر" و "قەڵای سپی" و "من ناوم سوورە" ئێستەش سەرقاڵی وەرگێڕانی تازەترین رۆمانی ئەم نووسەرەیە بە ناونیشانی"مۆزەخانەی پاکیزەیی"، لەم دیمانەیەدا شارەزا دەبین بە هێندێ لە لایەنەکانی گرینگی و نهێنییەکانی وەرگێڕان و ئەزموونی بەکر شوانی لەگەڵ کاری وەرگێڕاندا.

سازدانی: سەڵاح حەسەن پاڵەوان

بەکر شوانی سەرەڕای کارەکانی ئۆرهان پامۆک دەیەوێ کاری تری نووسەرەکانی تورکیاش بکا بە زمانی کوردی، ئێستەش لە پاڵ تەرخانکردنی کاتەکانی بۆ وەرگێڕانی"مۆزەخانەی پاکیزەیی "لە هەمان کاتدا خەریکی وەرگێڕانی هەندێ لە کارەکانی نووسەری بەناوبانگی تورکیایی عەزیز نەسین و چەند نووسەرێکی ترە.



لە بەشی یەکەمی ئەم چاوپێکەوتنە بەکر شوانی باسی سەرەتاکانی کاری وەرگێڕانی خۆی کرد، هەروەها بە وردی لە نهێنییەکانی کاری نووسینی ئۆرهان پامۆک دوا و پاشان باسی لە گرفتەکانی وەرگێڕان کرد لە نێو کولتووری کوردیدا. لەم چاوپێکەوتنەی ئەمجارەش باس لە رۆڵی زمان و وەرگێڕان لە زمانی ئۆرجیناڵ و باس لە وردەکارییەکانی رۆمانی پاکیزەیی دەکەین.

* شوکور موستەفا رۆمانی"کوێر ئۆغلۆ" و "کاریتە" و سێینەکانی یەشار کەمالی راستەوخۆ لە تورکییەوە کردووە بە کوردی و کەسیشمان ناتوانین ئینکاری لە توانای ئەو وەرگێڕە بکەین، شوکور مستەفا بۆیە "یەشاری کەمال"ی هەڵبژارد، شارەزایی زمانی گوند و وردەکارییەکانی سروشت بوو، تۆش لە وەرگێڕانی"قەڵای سپی" و "بەفر" وردکارییەکانی کابرایەکی نێوان دوو کولتوورمان بۆ دەکەیتە سەر زمانی کوردی، پێت وایە وەرگێڕان تەنیا زمانزانین بێت و بە ئەندازەی ئەوەی شارەزابوونە لەو پانتاییەی کە نووسەر قسەی تێدا دەکات و ئەو زاراوانەی کە بەکاریان دێنێ؟

– بێگومان مامۆستا شوکور مستەفا مامۆستای هەموومانە چ وەک وەرگێڕ چ وەک نووسەر، هەر ئەو بوو ئێمەی بە ئەدەبی تورکی ناساند، ئەو کاتەش مافی خۆی بوو پەنا بۆ وەرگێڕانی رۆمانەکانی یەشار کەمال ببات، یەکێک لە هۆیەکانی ئەو پەنابردنە بۆ ئەو نووسەر و رۆماننووسە، دەکرێ ئەوە بووبێ ئەو کەسە بۆنی ئەوەی لێ دەکرا کە کورد بێ، بۆ ئەو سەردەمەش کوردبوونی ئەو بۆ ئێمە گرینگ بوو، بەڵام ئێستە بە ئاشکرا دەڵێ

کـــوردم، دەیان بـابەتـی لـەو بـارەوە نووســـیـــوە، جگە لە ڕۆمـانـەکـانی یەشـار کـەمـال خـۆی لە زۆر شـوێـندا باس لەوە دەکـات لە گوند لە دایک بووە، لە کـەشی گونددا گـەورە بووە، نـاوی یەک بـەیـەکی گـــوڵ و گـــەڵا و درەخت و دڕک و داڵـی زانـیـوە، بێگـومـان ئـەمـەش لە ڕۆمـانـەکـانـیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئۆرهان پامــۆک لـە شـــارا گـــەورە بووە، لە شـــارێکی گـەورەی وەک ئـەسـتــەمـبـوڵ لـە دایک بووە، لەو شـــارەش لە بەشـی ڕۆئـاواکـەی لـە دایک بووە، کـەواتـە ئۆرهان ســـەر بە شـارە و زمـانـی شـاری بەکار هێناوە، زۆر بە دەگـمـەن ناوی گوڵ و گوڵزار و دار و درەخت و لووتکەی کێو و ڕووبار و ئاو و چەم و چۆڵی لە ڕۆمانەکانیدا بەدی دەکەیت.

**ئۆرهان ســەر بە شـارە و زمـانی شـاری بەکار هێـناوە**

* ئایا ئەو شـتــانەی کـە باسـت کـرد ئـەگــەر لە کـــارەکـــانی ئۆرهـان پامــۆک هـەبن بۆ تـۆ نابنە گرفت؟

**زمـانی ئۆرهـان پامـۆک زمـانی شـارە و منیش مـامـەڵـە لـەگـەڵ دەسـتـەواژەکانی شـار دەکـەم**

– ئەوە بۆ من گـرفـتێک نابێت، هـەندێ لە نـهێنییـەکـانی وەرگـێـڕانی هـاوچەرخت بۆ باس دەکـەم، لەمــەوە دەمــەوێ ئەوەت پێ بڵـێم کـە ئەگـەر وەرگـێـڕێک پەی بەو نـهـێنیـیـە نەبردبێت پەی پێ ببات، بە پێچەوانەوە بۆ من هیچ گرفتێک نابێت، زمانی ئۆرهـان پامۆک زمانێکی سادە و خۆشـە، حەز دەکـــەم باسی هـەندێ لە تەکنیکەکـــانی وەرگـــێـــڕانـی ئەم ڕۆژگارەت بۆ بکەم، تۆ باسی ئـیدیۆمـت کرد، خـۆشبـەخـتـانە ئێـســتــە هـەمــوو زمــانە زیندووەکـانی دنیــا لـە نێــو تۆڕی ئینتـەرنێـتـدا ڕووبەڕێکیـان بۆ داگـیـر کـراوە، بۆ نمـوونە تۆ تێکستێکی هۆڵەندایی دەخوێنیتەوە ئەگەر لە تێکستەکەدا ئـیدیۆمـێکت هـاتە پێش چاو کە هـەرگـیز نـەتبیـسـتـبێت، لە ڕێگەی گۆگڵـەوە دەتوانی بەئاسـانی مـانا و لێکدانەوەکـانیت چنگ بکەوێ و پێشت دەڵێ ئەمـە چییە و بۆچی بـەکاردێت،

کـەواتە لەمــەودوا ئەمــانـە هیچ گـرفـتـێک نین، ئەگـەر وشــەیەک یان ناوێک نەتتـوانـی لە فـەرهـەنگدا بیـدۆزیتــەوە یان لە کـوردیدا بـەرامـبـەرەکـەیت نـەدۆزییـەوە دەتوانی وێنەکـەی بدۆزیتـەوە، کـەواتە تۆ بە چاو ئەو شـتـە دەبیـنی و دەتوانی بە کوردی ناوەکە یان مـاناکـەی بزانی، زمانی تورکـی ٢٠ تا ٢٥ هـەزار ئیدیۆمی هەیە من ناتوانم بڵێم هـەر هـەمووی دەزانم، ئەگـەر تورکیش بوومـایە هـەر هـەمـوویم نەدەزانی، بەڵام ئێسـتـە بە هـاوکـاری ئینتـەرنێت ئەو کارەیان ئـاسان کردووە، رەنگە پێشتر کاری وەرگێڕان بە هـاوکـاریی فەرهـەنگ و شـتی لەو بابەتە ماناکانمان بۆ بدۆزرایەوە پێشتر کارەکە سەختتر بوو، بەڵام ئێستە کارەکە ئـاسانتر بووە، خێراتر بووە.

دێمـەوە سـەر زمانی ئۆرهـان پامـۆک پێشـتـر و لە هـەندێ دیداری تریشـدا لێیان پرسـیـوم بۆچی زمـانی من لە زمـانی شـوکـور مـسـتـەفا نـاچێت؟! گوتوومـە لەبەرئەوەی زمـانی ئۆرهـان پامـۆک زمـانـی شـارە و منیش مـامـەڵە لـەگـەڵ دەسـتـەواژەکـانی شـار دەکـەم، دووەم ئـێـسـتـا شـێـوازی نووسـین گـۆڕاوە، ئێـسـتــە لە دنیـای هـاوچەرخـدا خـوێنەریش شـێـواز و حـەزی خـوێندنەوەی گۆڕاوە، کـە دەڵێم خـوێنەر مـەبەسـتم خـوێنەرە لە هەمـوو دنیـادا، ئەگـەر لەم سـەردەمـەدا ئەو شێوازە کلاسیکییـەی جاران لە نووسیندا بەکـار بهێنرێ رەنگە کەسێک لە وڵاتانی رۆئـاوا رۆمـانـەکـەی پێ نەبرێتـە سـەر، بۆیە رۆمـاننووسـەکـانی دنیـاش شـێـواز و تەکنیکی نووسـینی خـۆیان گۆڕیوە، زمـانێکی جیـاوازتر لەو زمـانـە بەکار دێنن کـە لەگـەڵ سـەردەم و حەزی خوێنەردا بگونجێ.

* مـەبەسـتت ئەوەیە کـە ئێـسـتـە لە دنیـادا خـوێندنەوەی رۆمـان زیاتر بۆ کـات بردنەسـەرە، نەک بۆ قوڵبوونەوە و مێشک ماندووکردن؟

- بە تەواوی وایە، ئێسـتـە زۆر بە دەگمـەن رۆماننووس هـەیە گەمە بە وشـە و رسـتـە بکات، رۆماننووس دەیەوێ مەبەست بگەیەنێت.

* بەڵام لە زۆر لە رۆمـانە کـوردییـەکـاندا دەبینین درێژدادڕییـەکی بـێ وێنە هـەیە، ئەو درێژدادڕییە کەمتر لە شاکارە جیهانییەکاندا دەبینرێت و ئەوانیش کاتێ کە درێژدادڕی دەکەن، لە پشتەوە مـەبەستێک هـەیە کە خزمەتی تەکنیکی گێڕانەوە دەکات، لای ئێمە درێژدادڕی زیان بە تەکنیک دەگەیەنێت؟

– من وەک خوێنەر باس لەمە دەکەم نەک وەک رەخنەگر، چونکە من رەخنەگر نیم، وەک خوێنەر پێم وایە و هەست دەکەم کاریگەریی شێوازی پێشووتری رۆماننووسی بەسەر ئەو کەسانەوەیە کە درێژدادڕی دەکەن، ئەگەر رۆماننووسی ئێمە زێدەتر بەرهەمی جیهانی بخوێنێتەوە هەست دەکات گۆڕانکارییەک لە شێوازی نووسینی رۆماندا هاتووەتە ئاراوە، بۆ نموونە "گوینتەر گراس"ی نووسەری ئەڵمانی ماوەی ٦٠ ساڵە دەنووسێت، بەڵام رۆمانەکانی ئەم ساڵانەی زۆر جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی سەرەتاییەکانی هەیە، خۆشی لە دیدارێکدا باسی ئەمەی کردووە. بۆیە بۆ لای هەر نووسەرێک بگەڕێیتەوە ئەوانەی کە تەمەنێکی درێژیان لەگەڵ نووسیندا بردووەتە سەر ئەم گۆڕانکارییە دەبینی، "یەشار کەمال"یش لە بەرهەمەکانی ئەم دواییەیدا هەست دەکەیت جۆرێک لە ئاسانکەیاندنی مەبەست لای دروست بووە، خۆت دەزانی خوێنەری ئەم سەردەمە ئەمەی دەوێ، وەشانخانەکانیش بیر لە فرۆشتنی خێرا دەکەنەوە، کارەکە زیاتر رووی بازرگانی وەرگرتووە، هەرچەندە نووسەرەکان رەنگە زۆر گرینگی بەو لایەنە نەدەن، بەڵام لە ئەنجامدا ئەوانیش ناچارن بابەتەکە لەگەڵ رۆژگاردا بگونجێنن.

* ماندووکردنی خوێنەر سەردەمی بەسەر چووە، واتە کۆتاییی تەمەنی رۆمانی ماندووکەرە، ئایا ئەمە بریتی نییە لە پێوەندیی نێوان خێرایی و خاوبوونەوەی ژیان؟

– ماندووکردن و رۆمانی ئاڵۆز هی سەردەمێک بوو کە تەلەڤزیۆن نەبوو، هاتوچۆ خێرا نەبوو، لە ماڵەوە کەسێک بەدیار تیشکی گڵۆپێک یان مۆمێک دادەنیشت رۆمانێکی دەخوێندەوە، ژیان ئەو کاتە ساکارتر بوو، زۆر خێرا نەبوو، ئێستە ژیان زۆر خێرایە پێداویستییەکانی ژیان زۆرە و کات کەمترە بۆ خوێندنەوە، لەبەرئەوە دەبێت تەکنیکی رۆمان خۆی بگۆڕێ و خۆی لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بگونجێنێ.

* لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێی من وەک ئەوانە وەرگێڕان ناکەم کە تێکستە تورکییەکان لە زمانەکانی ترەوە وەردەگێڕن، ئەم بۆچوونە تا رادەیەک جێگەی وەستانە پێم وایە زۆر کەسیش لە زمانی ئەسڵییەوە هەندێ تێکستیان هەڵبژاردووە چ فارسی بێت یا عەرەبی یا ئینگلیزی، بەڵام وەرگێڕانی سەرنەکەوتوویان پێشکێش کردووە، کەچی کەسێکی وەک سامی ئەلدوروبی لە

زمانی فەڕەنساییەوە کارەکانی دایستویفسکیی وەرگێڕاوە، بەڵام داهێنانی تێدا کردووە، بە رای تۆ ئەمەی تۆ دەیڵێی سەنگی مەحەکە بۆ وەرگێڕانی چاک؟

- بە رای من مەرجی یەکەمی وەرگێڕان ئەوەیە کە لە زمانی یەکەمەوە وەرگێڕدرێ، لەبەرئەوەی ئێمە نازانین ئەو کەسەی کارەکەی بۆ زمانی دووەم وەرگێڕاوە تا چ رادەیەک سەرکەوتوو بووە، ئەگەر تێکستە سەرەکییەکە نەبینین نازانین ئایا وەرگێڕێکی دەستپاکە؟ چی لابردووە چی نەکردووە، هەروەها زۆر وشە لەو نێوەندەدا واتاکانیان لەدەست دەدەن، بەڵام من پێم باشە هەموو کات لە زمانی یەکەمەوە بکرێ، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئیتر دەبێ کار رابگیرێت، وەرگێڕان پێداویستییەکە دەبێ هەبێت، بەڵام هەندێ لەو بابەتانەی کە لە فارسییەوە دەکرێن بە کوردی ئەگەر لەگەڵ تێکستە ئۆرجیناڵەکەدا بەراوردیان بکەین، دەتوانی هەست بەوە بکەیت کە جۆرێک لە کاڵبوونەوە لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا دروست بووە.

* مەبەستت مافپێدانە بە کارە وەرگێڕاوەکە، زۆر وەرگێڕ هەن مافی تەواو بە بابەتە وەرگێڕاوەکە نادەن؟

- زۆر جوانت گوت، ماف پێدان، کەواتە لێرەدا لە هەموو رێسایەکدا هەلاویردە هەیە، کاتێ کارەکەی دایستۆفیسکی لە رووسییەوە کراوە بە فەڕەنسایی مافی تەواوی خۆی دراوەتێ و وەرگێڕانێکی بەهێز بووە، کاتێک کەسێکی تر هاتووە لە فەڕەنسییەوە کردوویە بە عەرەبی جارێکی تر بەهێزی وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە دەردەخات، ئەگەر ئێمە ئەو بەراوردە بکەین ئەگەر باسی کات بکەین ئەوە بە پێی وەرگێڕ کەوتووە، من بەش بەحاڵی خۆم نامەوێ بە پەلە کار بکەم، ئەگەر بشمەوێ بە تەواوی مافی ئەو کارە بدەم دەبێ پەلە نەکەم. بەر لە هەموو شتێک من تێکستەکە دەخوێنمەوە تورکی بێت یان هەر زمانێکی تر پاشان بەرنامەیەک بۆ خۆم دادەنێم، ئەگەر کاری ترم نەبێت ئەوە هەموو کاتەکە بۆ وەرگێڕان تەرخان دەکەم، خۆت دەزانی کاری وەرگێڕان دەبێ بەشێک لە کاتی رۆژانەی بۆ تەرخان بکەیت، بەبۆچوونی من تا کاتی زیاتر بۆ وەرگێڕان تەرخان بکەیت باشترە، مرۆڤ هەموو کات یەک میزاجی نییە، بەیانیان کە زوو لە خەو هەڵدەستی قاوەیەک یا چایەک دەخۆیتەوە زۆر بە باشی کار دەکەیت، بەڵام پاشان دەچی کار دەکەیت و ماندوو دەبی، ئێواران ناتوانیت بە هەمان میزاجەوە کار بکەیت، ناتوانی هەمان جوانی بە تێکستەکە

بدەیت، لەبەرئەوە من دروشمێکم هەیە کە ماندوو بووم لە کاری وەرگێڕان دەستی لێ هەڵدەگرم، کە زانیم رستەی جوانم بۆ دروست ناکرێ دەستی لێ هەڵدەگرم و دەڕۆم پاشان کاتێکی تر دەگەڕێمەوە سەری، بۆ نموونە ئەگەر کتێبێکی ٣٠٠ لاپەڕەییم لە بەردەستدا بێت، رۆژی ١٠ لاپەڕەی لێ وەرگێڕم واتە بە٣٠ رۆژ تەواوی دەکەم، بەڵام من ٦ مانگ بۆ ئەو کارە دادەنێم و بە٦ مانگ تەواوی دەکەم، ئەمەش بەو مەبەستەی کە کارەکە پوخت بێتە بەر، ئەگەر بۆم بکرێ یەک تا دوو مانگ وازی لێ دێنم و جارێکی تر دێمەوە سەری و بەردەوام سەرقاڵی دەستکاریکردنی دەبم. سیستەمی کاری من وایە، ئەمڕۆ بە کۆمپیوتەر کارکردن کارئاسانی بۆ نووسەر کردووە وەکو جاران نییە بە کاغەز کار بکەیت و بیدڕێنی و بینووسیتەوە، کۆمپیوتەر بۆ نووسەر و وەرگێڕ ئەم کارئاسانییەی کردووە، بۆ پوختەکردنی بەرهەمەکە زۆر سوودی لێ دەبینرێ.

**پێویستە حکوومەت دەزگایەکی سەرتاسەری وەرگێڕانی هەبێ کە خەڵکی شارەزا کاری تێدا بکەن**

* بزووتنەوەی وەرگێڕان لای ئێمە لە چ حاڵەتێکدایە، ئایا نەبوونی ناوەندێکی وەرگێڕانی زیندوو لە کوردستان زیانی بە ژیان و بیرکردنەوە و سەرچاوەکانی فیکری ئێمە نەگەیاندووە، ئەو ناوەندە بە رای تۆ چ فاکتەرێکی دەوێ بۆ ئەوەی بتوانێ چالاکانە کار بکات؟ پاشان ناوەندێکی تر پێویستە کە ئەویش وەرگێڕانی تێکستە کوردییەکانە بۆ زمانانی دنیا، ئایا توانای جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە هەیە؟

**بە هاوکاری سێ قۆڵی نێوان هەرسێ لایەنی ئینستیتۆی گۆتە و دەزگای ئاراس و من ئەو کارە دێتە ئەنجامدان**

– لە هەموو وڵاتانی دنیادا لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکانا پشتیوانیکردن لە ئەرک و پرۆسەی وەرگێڕان ئەرکی

حکوومـەتە، مـن لە زۆر دیداری تریشـدا گـوتوومـە پێـویسـتـە حکوومـەت دەزگـایـەکی سـەرتاسـەری وەرگـێـڕانی هەبێ کـە خـەڵکی شـارەزا کـاری تێـدا بکەن و ئەم دەزگـایە بودجـەیەکی سـاڵانەی هەبێ بۆ وەرگـێـڕانی کولتـوور و ئەدەبیـاتی بیـانی و زانسـتـیش بۆ کوردی بە پێچـەوانەیشـەوە، بڕوانە "ئینسـتیتۆی گۆتە" کە نوێنەرایەتی کولتووری ئەڵمـانی دەکات لە دنیادا سـەرقاڵی وەرگێڕانی زۆر لە بەرهـەمە کولتـووری و ئەدەبییـەکان لە زمـانی ئەڵمانییەوە بۆ سەر زمانەکانی دنیا.

* ئایا لە "ئینسـتیـتۆی گۆتە" هیـچ کارێک بۆ وەرگێڕانی بەرهـەمـە ئەڵمـانییـەکان بۆ سەر زمانی کوردی کراوە؟

– نەخێر نەکراوە، بەڵام ئەمـجارە من لەگەڵ "ئینسـتیـتۆی گۆتە" لە هەولێر رێککەوتنێکم ئیـمزا کرد کـە ئەوان وەک نوێنەرایەتی "ئینسـتیـتۆی گۆتە"ن لە کوردسـتـان، ئەم دەزگـایە بەرپرسـیـارە لە ناسـاندنی ئـەدەب و کـولتـووری ئەڵمـانـی بە دنیـا لـە رێگەی وەرگـێـڕانی بابـەتەکـان بۆ زمـانەکـانی تر، تـا ئێـسـتـە لـە مـاوەی ٣٠ سـاڵی رابردوودا ئەم دەزگـایە پشـتیـوانییـان لە وەرگێڕانی ٥٠٠٠ کتێبی ئەڵمـانی کردووە بۆ ٤٥ زمـانی جیـهانی، ئێسـتە بیرم لەوە کردەوە کە کارێکی وا بکەین کە زمانی کوردیش بچێتە پاڵ ئەو ٤٥ زمانە.

بۆ وەرگێڕان جۆری کتێبـەکان من دیارییان ناکەم ئەوان خۆیان دیاری دەکەن، بۆ نموونە کـتێـبـەکان کـتێـبی کـولتـووری و سیـاسـی و منداڵان و گـەنجـانی تێدایـە، من زیاتر کـتێـبـە ئەدەبییـەکان هـەڵدەبژێرم، لە ماوەی ساڵی ٢٠١٠ دا ئەوانیش بە خۆشحـاڵییەوە چاوەڕێن تا من کتێبێک هـەڵبژێرم، کە دەتوانین لە کاتێکی تردا باس لەو کتێبە بکەین، بە هـاوکاری سێ قـۆڵی نێـوان هـەرسێ لایەنی ئینسـتـیـتـۆی گـۆتە و دەزگـای ئاراس و من ئـەو کـارە دێتـە ئەنجامـدان، لە نێوان هـەرسێکمان پەیمانێک ئیمزا دەکرێ و ئەرکی وەرگێڕانەکە دەکەوێتە سـەر ئینسـتیـتۆی گۆتە و وەرگێڕانی لەلایەن بەکر شوانی و ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەکە دەکەوێتە ئەسـتۆی دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ئەمـەش دەبێتـە هـەنگاوێک بۆ بە فـەرمیکردنی زمـانی ئەڵمـانی بۆ کوردی، لـە ئەڵمانیـیـەوە زۆر کـەسـی هێژا بابەتی نایابیـان وەرگێڕاوەتە سـەر زمـانی کـوردی، بەڵام وەک گوتم هـەمـوو ئەو کـارانە ئارەزوومـەندانە بووە، ئەوان لە رووی دڵسـۆزییەوە ئەو کـارانەیان کردووە، لەمـەودوا دەتوانن کـتێب لە ئەڵمـانییـەوە لە بوارە جیـاجیـاکان وەرگێڕنە سـەر زمـانی کـوردی هـەروەهـا دەتوانن سـەردانی مـاڵپـەڕی

ئینستیۆتی گۆته بکەن، لەوێدا دەتوانن هەلومەرجەکان ببینن و راستەوخۆ پێوەندیی بەو شوێنەوە بکەن.

* دوا بەرهەمی ئۆرهان پامۆک "مۆزەخانەی پاکیزەیی"یە، ئەم بەرهەمە مانگی کانوونی دووەم/ یەنایەر لە لەندەن هەڵبژێردرا بە کتێبی مانگ، ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن خاوەنی کتێبخانەی "وۆتەرستۆن" بەڕێوە چوو، دەتوانی شتێکم لەبارەی ئەم رۆمانەوە پێ بڵێی؟

– رۆمانی "مۆزەخانەی پاکیزەیی" زۆر کاری تێ کردم، پێشتر لەسەر ئەم رۆمانەم خوێندبووەوە، بە پەرۆش بووم بڵاو بکرێتەوە، سەرەتای مانگی سێپتێمبەر ٢٠٠٨ کەوتە بازاڕەوە کۆتاییی مانگی سیپتێمبەری هەمان ساڵ لە خوێندنەوەی بوومەوە، ئەم رۆمانە بە تورکی ٦٠٠ لاپەڕەیە، بەسەرهاتی ئەم رۆمانە بەسەرهاتی ئەوینە، باسی خۆشەویستیی نێوان دوو کەسە کوڕی خێزانێکی دەوڵەمەند لەگەڵ کچێکی تری هەژار، هەردووکیان ئاشنای یەکترین، خزمی دووری یەکترین، کوڕەکە کە ناوی "کەمال"ە ١٢ ساڵ لە کچەکە گەورەترە کە ناوی "فیسون"ە، شانبەشانی ئەم خۆشەویستییە رووداوەکان دەچنە پێشێ، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە دەست پێ دەکات لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆتایی دێت، لەم نێوەندەدا زیاتر نووسەر گرینگی بە شتومەک دەدا، واتە شتومەک لە ژیانی مرۆڤدا، بۆ نموونە ئامێری دروستکردنی ئاوی پرتەقاڵ، کاتژمێری قەد دیوار، وێنەی پاسکیلێکی سەردەمی منداڵی تێدایە، پیاڵەیەک کە خۆشەویستەکەت چای پێ خواردووەتەوە و تۆ هەڵت گرتووە، ئەو هاتووە هەموو ئەم شتانەی بە تەنیشتی یەکەوە داناوە و واتایەکی زۆر جوانی بەم هەموو شتانە بەخشیوە، هارمۆنیایەکی جوانی لە نێوان شتەکان خوڵقاندووە، کارێکی وای کردووە کە لە هەمان کاتدا کە تۆ رۆمانەکە دەخوێنیتەوە تۆ لە نێو مۆزەخانەیەکدای، بۆیە هەر ئەمساڵ هەر بەهەمان ناوەوە واتە بە ناوی وەقفی "مۆزەخانەی پاکیزەیی" وەقفێک دەکاتەوە کە تایبەت دەبێت بە نووسەر و ژیان و بەرهەمەکانی خۆی لە هەمان کاتدا هەر لەو ماڵەدا مۆزەخانەکە دەکاتەوە کە لە رۆمانەکەدا ئەو ماڵە ماڵی "فیسون" کچە پاڵەوانی نێو رۆمانەکەیە، ئەو ماڵەش ماڵی باوکی فیسونە لە «چکورچوومە» کە شوێنێکە لە ئەستەمبوڵە لە دنیادا زۆر زۆر لەسەر ئەو رۆمانە نووسراوە من زۆر بابەتم لەسەر خوێندووەتەوە خۆی لە زۆر دیدار و کۆبوونەوەدا باسی کردووە، لێی دەپرسن «کەمال خۆتی؟»، ئەو لە وەڵامەکانیا دەڵێ: «منیشم و منیش نیم»، ئۆرهان پامۆک بەردەوام

دەمانخاتە ئەو پێچ و پەنایە، خۆی دەڵێ لە هەموو بەرهەمێکمدا خۆم تا رادەیەک ئامادەم.

بە تەرخانکردنی "مۆزەخانەی پاکیزەیی" بۆ خۆشەویستی جۆرێکی تر لە رۆمان پێشکێش بە خوێنەرانی خۆی لە دنیادا دەکات، کاتێ ئەم رۆمانە دەخوێنیتەوە رەنگە لە سەرەتادا وا هەست بکەیت باسکردنی خۆشەویستییەکی ئاساییە، بەڵام پاش خوێندنەوە بۆت دەردەکەوێ ئەمە شتێکی تەواو جیاوازە، خۆی لە چەند دیدارێکدا باس دەکات کە بە درێژایی نووسینی ئەو رۆمانە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٨ چەندین جار دەستی لە نووسینی هەڵگرتووە، بۆ نموونە ماوەیەک لای داوە و خەریکی کارکردن بووە لەسەر رۆمانی "بەفر"، ئەگەر ئێستە بچیتەوە سەر رۆمانی "بەفر" لەوێدا دەڵێ « "کا"ی رەفیقم لێی پرسیم بەرهەمی داهاتووت چییە؟ گوتم رۆمانێکە بەناونیشانی مۆزەخانەی پاکیزەیی».


pamuk

بۆ نووسینی ئەم رۆمانە ئۆرهان سەردانی سەدان مۆزەخانەی کردووە، لە سەدان مۆزەخانەدا تێبینی کۆکردووەتەوە تا بتوانێ بیرۆکەی خۆی لە جوانترین فۆرمدا بخاتە بەردەستی خوێنەران، بەڕاستیش توانیویەتی بەرهەمێکی سەرکەوتوو پێشکەش بەخوێنەر بکات، ئەوەتا لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا مۆزەخانەی پاکیزەیی مانگی دوانزەی ساڵی رابردوو لە لیستی باشترین کتێبە وەرگێڕاوەکان لە زمانی بێگانەوە بۆ ئینگلیزی دانراوە.

* دوا پرۆژەت چییە بێجگە لە "مۆزەخانەی پاکیزەیی"؟

– نووسەر و شاعیرێکی کوردی کوردستانی تورکیا هەیە ناوی خاتوو "بیژەن ماتوور"ە، ئەو خاتوونە کوردە، بەڵام بە تورکی دەنووسێ، خۆی لە هەموو شوێنێ بە ئاشکرا دەڵێ کوردبوونی من لە بەرهەمەکانمدا دیارە، کۆمەڵێک دیوانی شیعری هەیە، من شیعر وەرناگێڕم ئەوە کاری من نییە، هەروەها ئەو خانمە لە رۆژنامەکانیش دەنووسێ بەتایبەت

لە رۆژنامەی"زەمان"دا، وتاری سیاسی و کولتووری دەنووسێ، بەڵام کتێبێکی نووسیووە بە قەبارە گەورەیە و رەنگاورەنگ چاپ کراوە نێزیکەی ١٣٠ لاپەڕەیە، ئەو کتێبە لەسەر شاری دیاربەکر و مێژووی دیاربەکرە، بەڵام بە زمانێکی شیعرئامێز بە چاپێکی زۆر نایاب بڵاوی کردووەتەوە، ئەو دەزانێ کە من کتێبەکانی پامۆکم وەرگێڕاوە، بۆیە داوای لێ کردم ئەو کتێبەی بکەم بە کوردی، منیش مۆڵەتم لێ خواست تا بیخوێنمەوە، کاتێ کە خوێندمەوە زۆرم بە دڵ بوو، بە زمانێکی شیعرئاسا نووسرابوو، لە سەرەتاوە تا ئەم رۆژگارە باسی مێژووی دیاربەکرت بۆ دەکا، وێنەیەکی داناوە و لە پاڵ وێنەکەشدا تێکستێکی نووسیوە، لەم نێزیکانە تەواو دەبێت لە هەمان ئەو چاپخانەیەی کە کتێبەکەی لێ چاپ کراوە و بەهەمان تەکنیک بە کوردی چاپی دەکەین، ناونیشانی کتێبەکە «دیاربەکر دەروازەی رۆژهەڵات» هی بێژەن ماتوورە، بە هەمان کوالیت و بە هەمان شێوە.

کاتێک ئەو کتێبە دەخوێنیتەوە دەڵێی خۆزگە بۆ هەولێر و سلێمانی و کەرکووکیش کتێبی ئاوهەمان دەبێت، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نموونەی ئەو جۆرە کتێبانە کەمە.

* کەی لە کتێبخانەی کوردیدا چاومان ئاشنا دەبێت بە مۆزەخانە نوێکەی ئۆرهان پامۆک؟

– کۆمەڵێ وشە و دەستەواژە هەن تا ئەم کاتە کاریان لەسەر دەکەم، لە هەندێ کەس پرسیارم کردووە بۆ ئەوەی بتوانین بە جوانترین شێوە بیخەینە بەردەستی خوێنەران، ئەگەر لە گرفتی ئەو دەستەواژانە تەواو بم ئیتر هیچی تری نامێنێ و ئامادە دەبێت بۆ چاپ و بڕیاریشە لە دەزگای ئاراس چاپ بکرێت، لە بواری وەرگێڕاندا بەتایبەت وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئۆرهان پامۆک بڕیارە هەر هەمووی لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپ بکرێت، لەگەڵ ئەوان دەستم پێ کردووە و وەک وەفایەک بۆ بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب، رۆمانەکانی ئۆرهان پامۆک دەبێت هەر هەمووی لەوێدا چاپ بن، لە یەکەم رۆمانەوە تا دوایین، تا ئۆرهان لە ژیاندا بمێنێ خۆی گوتوویەتی یەک تا دوو رۆمانی تر دەنووسم.

هەروەها لە زۆر جێگەدا گوتوومە پرۆژەم ئەوەیە هەموو کارەکانی پامۆک بکەمە کوردی ، ئاواتم ئەوەیە هەموو رۆمانەکانی وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، هەوڵ دەدەم بەلایەنی کەمەوە ساڵی یەک رۆمانی وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی.